# ڕاپۆرتی سیاسی  کۆنگرەی سێیەمی پارتی سەربەستیی کوردستان.
# ئامادەکردنی عارف باوەجانی سەرۆکی گشتی  .

بەڵگەی کۆنگرەی سێیەمی پ س ک

16. FEBRUAR 2023

PSK

ڕاپۆرتی سیاسی  کۆنگرەی سێیەمی پارتی سەربەستیی کوردستان.
ئامادەکردنی عارف باوەجانی سەرۆکی گشتی.  ١٦ / ٢ / ٢٠٢٣



بە ناوی یەزدانی مەزن!
بە ناوی کورد و کوردستان و خەبات لە پێناو دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان!

**دەستپێکی ڕاپۆرت.**
هاووڵاتیانی ڕاپەڕیو لە پێناو سەروەری و سەربەخۆیی و وەدەرنانی ئێرانی داگیرکەر!
خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!
ژنانی زەحمەتکێش وسەرقافڵەی شۆرشی ژینا (ژن ژیان ئازادی)!
پیاوانی خیرەتمەندی کورد! کوران وکیژانی سەربەرزی وڵات!
لاوانی هیوا و ئارەزوو تێکدراو! خەمخۆرانی کوردستانە داگیرکراوەکەمان!
گشت چین و تۆێژە جیاوازەکانی کوردستانی گیرکراو!
**سڵاوی سەربەخۆیی کوردستانتان ئاراستە بێت.**

سبەی واتە ١٧/ ٢پارتەکەمان پێدەنێتە نێو تەمەنی١٧ساڵەی خەبات وتێکۆشانی بێوچانی لە پێناو ڕزگای نیشتیمان و خەباتی سەربەخۆییخوازی. هەر بۆیەش ئەو ڕۆژە مەزنە لە خۆمان و تەواوی ئەندامان و هاوبیرانمان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات پیرۆز دەکەین. سڵاو ڕێز و ماندوو نەبوونی ئاراستەی گشت تێکۆشەرانی ئەم ڕێبازە پیرۆزە نەتەوەییە دەکەم. هیواخوازین کە کۆنگرەی داهاتوومان لە نێو وڵاتی ڕزگارکراومان و لە نێو هاوبیرانی ڕۆژهەڵاتمان گرێ بدەین.

**پارتی سەربەستیی کوردستان لە نێوان کۆنگرەی دووەم تا کۆنگرەی سێیەم**
هاوبیران و گشت کوردستانیان خۆشەویست:
لە ڕێکەوتی ١٤/ ٢/ ٢٠١٣ – تا ١٦،٠٢،٢٠٢٣دەبێتە١٠ساڵ و٢رۆژی تەواو کە کۆنگرەی دووهەممان بەڕێوە برد، ئەم کۆنگرەیە دەبوو زۆر زووتر بەڕێوە چووبایە، بە بێ ویستی خۆمان کۆنگرەی سێهەمان چەند ساڵێک دواکەوت. بەڵام بە خۆشیەوە لەو ماوەیەدا لە ڕێگەی گرێدانی کۆنفرانسەوە، واتە لە ڕێگەی ٥ کۆنفرانسەوە، نوێکاریمان لە ڕێکخستن و کارەکانی پارتەکەماندا کردووە و تا ڕادەیەک بۆشاییەکانی کۆنگرەمان پڕکردووەتەوە. لە ماوەی نێوان کۆنگرەکانی یەکەم و دووەم و ئێستاش کە لە ناو کۆنگرەی سێهەمداین، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە جیهان و کوردستاندا ڕوویانداوە، کە بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی، کاریگەرییان لە سەر کوردستان و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەبووە وهەیە. لە نێوان ئەو ٢کۆنگرەیەدا، ڕووداوەکانی وەک: پەلاماری داعش بۆ سەر ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، و هاوپەیمانی ئەبراهام لە نیوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل. هەڵگیرسانی شەڕی نیوان ٢وڵاتی ئوکرانیا و ڕووسیا.
پەلاماری بەردەوامی تورکیا و ئێران بۆ سەر خاکی باشوور و رۆژئاوای کوردستان، بە تایبەت پەلاماری هاژەکی مووشکە ودرۆنی ئێران بۆ سەر بنکەکانی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی ٢٠١٨و٢٠٢٢ی. هەروەها ڕاپەڕینی سەرتاسەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ژێر ناوی ڕاپەڕێنی ژینا، ودەیان گۆڕانکاری دیکە. هەر بۆیەش بە پیویستی دەزانین کە تیشك

بخەینە سەر هیندێک لەو ڕووداوانە. هاوکات بۆچوون و پێشبینیەکانی پارتی سەربەستیی کوردستانی لە سەر ئەو ڕووداوانە باس بکەین.

**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و تەریک کەوتنەوەی ئەم ڕێژیمە لە ئاست سیاسەتی نێۆنەتەوەیی.**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش وەک ڕژیمەکانی پێشووتری ئێران، یەکێک لەو ڕێژیمە داگیرکەرانەیە، کە بەشێکی زۆری لەخاکی کوردستانی مەزن، بە شێوەی دڕندانە خستووتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەم ڕژیمە فاشیستانە بە درێژایی مێژوو گەلی کوردیان چەوساندوەتەوە، تا ئیستاش بەردەوام دەستیان لە کوشتن و بەندکردن و ماڵوێرانی ودەربەدەرکردنی خەڵک هەڵنەگرتووە. هەر لەم ئان و ساتەدا کە لە نێو باسەکانی گەرمی کۆنگرەکەماندانین، نزیک بە ٥ مانگە شۆرش و ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی دانێشتووانی سەر ئەو جوگرافیایەی کە بە ئێران ناودەهێنرێت، دەستی پێکردووە. بە هەزاران شەهیدی شەقام وسێدارە و برینداری لێکەوتووەتەوە. بە هەزاران کەس ڕاپێچی بەندیخانەکان کراون، بە هەزاران کەس دیسانەوە بە ناچاری وڵاتیان بە جێهێشتووەو ئاوارەی هەندەران بوون.

ئەو ڕێژیمەی کە ٤ڕۆژ پێش دەستپێکی کۆنگرەکەمان٤٣ساڵ لە تەمەن و کارنامەی پڕ لە شەرم و دیکتاتۆریی خۆی پڕکردەوە. بەڵام ڕاپەڕینەکانی ئەمجارە و پشتیوانی نێودەوڵەتی، ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێن، کە ئەم رێژیمە لە ساتەکانی کۆتایی تەمەنی دەسەڵاتی خۆی نزیکبووەتەوە.

**وەک پارتی سەربەستیی کوردستان** لە دەستپێکی ئەم شۆرشە نۆییە لە ژێر ناوی شۆڕشی ژینا، بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی کوردستان  لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، و هاوکات لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی نێو دەوڵەتی و دەزگا و ڕێکخراوە چاودێرەکانی جیهانی لە پێوەندیدا بووە و هەیە. لە کۆی ئەو هەموو پێوەندی و بەشدارییەدا، بەو ڕاستییە گەیشتووین، کە ئەو ڕێژیمە لە ئاست گشت جمگەکان و پێکهاتەکانی ناوخۆی وڵات و پێوەندییە دەرەکییەکانیشدا لە گشت بوارێکدا لاواز بووە و تەپیوە، و توانای چارەسەرکردنی کردەوە دیکتاتۆرییەکانی نەماوە. بڕیار و سزاکانی یەکێتی ئورووپا و کەنەدا و نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین وڵات و ناوەند و دەسەڵاتی جیهانی، بۆ سەر بەرپرس و دەزگاکانی ئەم ڕێژیمە بە تەواوی تەنگی بە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران هەڵچنیوە. هەر ئەو فشارانە، گوومانی دەسەڵاتدارانی لەگەڵ یەکتر، وایکردووە کە لێکترازان لە نێوان بەرپرسانی باڵای ڕێژیم درووستبووە، لە ئان وساتی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، بەشێک لە بەرپرسانی پێشووی ئەو ڕێژیمە خۆیان بە پشتیوانی خەڵکی ڕاپەڕیو ناساند، بۆ نموونەش بنەماڵەی هاشمی ڕەفسەنجانی، خوشک و خوشکەزاکانی ڕێبەری ئێستای نیزام عەلی خامنەیی، مەحموودی ئەحمەدینژاد سەرۆککۆماری ٢ دەورەی پێشوو. میرحسێنی موسەوی یەکێک لە دامەزرێنەرانی دیاری مێژووی ئەم ڕێژیمە و ڕێبەری شۆڕشی سەوزی ساڵی٢٠٠٩، داوای ڕێفراندۆمێکی سەرتاسەری و گۆڕینی دەستووری ڕێژیم  دەکات. هەروەها پەلاماری مووشەکی ئیسرائیل بۆ ناوەندە ئەتوومی وگرنگەکانی ڕیژیم و پێکانی ئامانجەکانیان وا نیشان دەدات کە بەرپرسانی باڵای ئێستای ئێران درزیان تێکەوتووە و ژێر بە ژێر پێوەندییان لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا هەیە، بۆیە زانیارییەکان لەو ڕێگەوە بە ئیسرائیلیەکان دەگات.

**ڕێکەوتننامەی ئەبراهام (ئیبراهیم) کورد لە کوێی ئەو هاوپەیمانی یا ڕێکەوتننامە دایە؟.**
لەوانەیە لە سەرەتادا لای هیندێک خوێنەر ئەو پرسیارە درووست ببێت، کە ئایا بۆ ئەم باسە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، یا کورد چی پێوەندییەکی بەم باسەوە هەیە، یا کوردستان دەتوانێت لەم بوارەدا چۆن ڕۆڵی هەبێت یا چۆن خۆی بخزێنێتە نێو ئەوم ڕێکەوتننامە گرنگەوە. یا لەوانەیە بگوترێت کە گوایا لە بەر نەبوونی وڵات، ئەندامانی هاوپەیمانی گرنگی بە خەڵکی کوردستان نادەن. بەو جۆرە بیرکردنەوە زۆرجار کوردستان لە زۆر ڕووداوی مێژوو پشتگۆی خراوە یا خۆی گرنگی پێنەداوە. کە نموونەی ئەم ڕێکەوتننامانە لە ژێر ناو ناوەڕۆکی جیاوازەوە لە ١٠٠ساڵ جارێک، لە مێژوودا سەرهەڵدەدەن و ڕێشەدار دەبن. بە کوورتی دەڵێم ئەم باسە بۆیە پێوەندی بە ڕاپۆرتی کۆنگرەو بەگەلی کوردیشەوە هەیە، چوون ئێمەی کوردستانیش بەشێکین لە سنووری خۆرهەڵاتی ناڤین، بەشی زۆری ئەم هاوپەیمانیەش بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێرانە کە داگیرکەری کوردستانە. مەبەستی سەرەکیش دوورخستنەوەی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەیە، لەو ڕێژیمە تێکدەرەی ئێران.

**پێناسەیەکی کورت لە سەر ڕێکەوتننامەی ئەبراهام:** لە مێژساڵە ڕاوێژکارانی شارەزای ئیسرائیلی و ئەمریکی، سەرقاڵی شوێندۆزی تاوتۆێکردنی چارەسەرێکی ئاشتەوایی ڕێشەیی بوون لە نێوان ئاینەکانی نەوەی حەزرەتی ئیبراهیم، کە سەرچاوەی ناکۆکی و شەڕی چەند وڵات و چەند نەتەوەیەکن لە خۆرهەڵاتی ناڤین. کە زیاتر بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانە، بۆ ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ببینرێتەوە. تا سەرئەنجام لە دەسپێکی ٢٠٢٠وە زۆر بەستەڵۆکی نێوان عەرەب ئیسرائیل بە ئاشکرای تووانەوە، هەرچەند ئۆردون لە ساڵی ١٩٩٤و میسر پێشتر لەو ڕێکەوتە بە فەرمی پێوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل هەبووە، و هەروەها چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی ناڕاستەوخۆ و بە بێ ڕاگەیاندن پێوەندییەکانیان هەر لەگەڵ ئیسرائیل درێژەی هەبووە. بەڵام وەک دەسپێکی ئاشکراکردنی پرۆسەکە لەڕێکەوتی٣ /٢٠٢٠/٨بە نێوەندگیری دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەو ڕووداوە گرنگە واتە ئەو ڕێککەوتنە مێژووییە لەنێوان ئیسڕاییل و میرنشینە یەکگرتووەکانی ئیماراتی عەرەبی، لە پێشچاوی میدیاکانی عەرەبی و ئیسرائیلی و جیهانی واژۆکراو ڕاگەیاندرا. ئیتر لەو ڕێکەوتە بە دواوە چەند وڵاتێکی دیکەی بە شوێنداهات، وەهەروەها بەردەوام ژمارەی وڵاتان لە زیادبووندایە بۆ ئەو هاوپەیمانییە.

**بۆ ناویان لێناوە ئیبراهیم یا ئەبراهام:** بە مەبەستی ئەوەی کە سەپاندنی هیچ ئاینێک لەو٣ ئایینە بە زەقی وادەرنەکەوێت خاوەن یا دەسەڵاتی سەرەکی هاوپەیمانییەکەیە، ناویان لێناوە ئیبراهیم، کە حەزرەتی ئیبراهیم هەم باوکی هەر سێ ئایننەکەیە هەم خۆشەویستی هەر سێ ئایینەکەیە لە ناوچەکە. زۆر بەشکۆ و ڕێزەوە باسی لێوەدەکرێت وڕێزی لێدەگیرێت. واتە پێغەمبەری هاوبەشیانە. بۆ نموونە^جوو^ یەهوودییەکان لە پێغەمبەر ئیسحاقی کوڕەکەیەوە دەبنە نەوەی ئیراهیم، لە هەمانکاتیشدا عەرەبەکان بە سەرکردایەتی پێغەمبەر حەزرەتی محەممەدەوە دەگەنەوە حەزرەتی ئیراهیم. کەوابێت بەو سێ ئایینەی، جوو و مەسیحی و ئیسلام، دەوترێت ئایینی ئیبراهیمی. کەوابێت ناوەکە بە ناوەڕۆکیشەوە هەم گوونجاوەو هەم شیاوە.

**کورد دەتوانێت چی داهاتوویەکی لەو پرۆسەدا هەبێت.**

هیندێک لە کوردەکان لە مێژ ساڵە لە ڕێگەی سۆزداری ئاینی و ئایدیای چەپیەوە کەوتوونەتە داوی خەمێکی قووڵەوە بۆ کێشەی هیندێک وڵات و گەلەوە، کە نموونەیان فەلەستینە. من لێرەدا مەبەستم هیچ بێڕێزیکردنێک نییە بە خەڵکی فەلەستین یا هەر نەتەوەی دیکە. هەمان ئازادی و ئارامی کە بۆ گەلەکەی خۆم دەخوازم، هەروا ئاوات و ئارامی بۆ گشت گەلانی جیهانیش دەخوازم. بەڵام هیچ گەل ونەتەوەیەکم نەدیوە بەرژەوەندی خۆی لە پێناو گەلی کورد و کوردستاندا تێکبدات. کێشەی فەلەستین ئیسرائیل بە کێشەیەکی ئایینی نازانم، ئەوە تەنیا کێشەیەکی سیاسی جۆغرافیاییە. کە بە هەمانشێوە نەتەوەکەی کوردستانی منیش لەگەڵ ٤ وڵاتی بە ناو ئیسلامی وەک ئێران و ئێراق و سوریا و تورکیادا، ئەو کێشەی لە درێژایی سەدانساڵدا هەبووە و هەیە. ئەوە بۆ دەبێت کێشەی فەلەستین بە مەبەستەوە بە کێشەی ئیسلام و یەهوودی بکرێت، بەڵام کێشەی منی کورد بکەوێتە بەردی بنگۆمەوە. لەم ڕێکەوتنەی ئاشتی ئیبراهیم، ئەو گرووپانەی فەلەستینی نەبێت کە لە ئێران و حیزبوڵای لوبنانەوە نزیکن، دەنا زۆربەی فەلەستینیەکان بەرژەوەندی خۆیان لەو هاوپەیمانییە دەبیننەوە، ئەوانیش بە دەستی شەڕی بێ ئاکامی ٨٠ ساڵیدا بێزار بوون. دوای نزیک بە ٨٠ ساڵ شەر، هێچ وڵامێکیان بە دەست نە هێناوە. بەڵام لە ڕێگەی ئاشتییەوە زۆر پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و ئارامی بە خۆیانەوە دەبینن.

لە کاتی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی ئیبراهیم، ئێران و چەند وڵاتێکی دیکە ناڕەزایی توندی خۆیان لە ئاست ئەو هاوپەیمانییە دەربڕی. یەکێک لەو وڵاتانە تورکیا بوو، کە چی دوای ١ساڵ و نیو، تورکیا لە بەر بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆی، بۆ بووژانەوەی ئابووری و ناتۆ و سەربازی و گەشتیاری و هیدیکەش، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، ئاسایی کردەوە، و سەردانەکانیشیان لە ئاست سەرۆکی وڵات و وەزیرانی دەرەوە دەستی پێکردەوە.

کەوابێت گەلی کورد وەک نەتەوە بۆ دەبێت بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی نەکاتەوە.

ڕاستە کە نەتەوەکەمان لە ئێستادا خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ نییە، تا وەک وڵات بچێتە ناو ئەو هاوپەیمانیەوە. ئەوەش ڕوونە کە هەردوو دەسەڵاتی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە نێو گەمارۆیەکی زۆری وڵاتانی بە ناو دژە ئیسرائیلن، بەڵام بە کردەوە هەمووشیان بە ئاشکراو نهێنی لەگەڵ ئیسرائیلدان. کەچی هەمیشە لەو بوارەدا تۆمەتی ناڕەوا دەدەنە پاڵ کوردەوە، هەر بۆ نموونە ئێران لە١٣مارشی ٢٠٢٢ مووشەکبارانی هەولێری کرد، و ماڵی هاووڵاتییەکی بازرگانی کوردستانی وێرانکرد، کە گوایا ئیسرائیلی لەو ماڵەدا بوون. دوای تەواوی لێکۆڵینەوەکانی لێژنەکانی پەرلەمان وحکوومەتی ئێراقیش، ئاشکرا بوو ئەوە هیچ ڕاست نییە. ئێرانییەکان هەرگیز نەیانویستووە و نەیانتوانییوە بەرامبەر بە ئیسرائیل بە کردەوە چالاکی سەربازی بکەن، ئەوان تەنیا بە درووشم و هوتافدان وهاش و هووشی ڕاگەیاندن دژی ئیسرائیلن. بەڵام بە بۆچوونی من گەلی کورد نابێت هەمیشە بە ترس ویستی نەیارانی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی زلهێز و هاوپەیمانییە نێو دەوڵەتییەکان دروست بکات. ئەگەر لە بوارە فەرمییەکانیشدا نەکرا.

پێویستە لە ڕێگەی ڕێکخراوە مەدەنی و ڕۆشنبیری و ڕەوەندی ملۆێنان کوردی دەرەوەش ئەو پێوەندییە بە هێز و ڕێشەدار بکات. لە بواری ئاینیشەوە! بەشداریکردن نە هیچ گووناحێکەو نە هیچ تاوانێکە، ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکە واتای ئاشتی ئایینەکانە، بە تایبەت ئاینیی ئیسلام و یەهودی و مەسیحی. کە ئاینیی زۆرینەی گەلی کوردستانیش ئیسلامە، و هەروەها لەو٢

ئایینەکەی دیکەشدا پەیڕەوانی لە کوردستاندا تا ڕادەیەکی باش هەیە. یا لە کۆی ٥٢ وڵاتی ئیسلامیدا ٤٦ وڵات بە فەرمی و نافەرمی لە گەڵ ئیسرائیل لە پێوەندی بازرگانی و سیاسیدان، و چەکی لێدەکڕن و نەوتی پێدەفرۆشن و لە مامەڵەو سەودای بەردەوامدان. بەڵام لە مینبەری مزگەوتەکانیشیاندا ڕۆژانی هەینی دژی ئیسرائیل قسە دەکەن.

وڵاتانی ناو هاوپەیمانی ئیبراهیم چۆن پێشوازی لە خەڵکی کوردستان بکەن.

پێویستە کە وڵاتانی ئەندام لە ناو هاوپەیمانی ئیبراهیم، ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەن کە گەلی کوردیش یەکێکە لەگەڵ و نەتەوە گرنگەکانی سەر سنووری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤین. بۆیە لە هەموو ڕووداوەکانی مێژووش لەو ناوچاونە لە زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش زیاتر بەرکەوتەیان هەبووە. هەروەها پێویستە ئەو وڵاتانە ئەو ڕاستیەی ئێستای خەڵک و کۆمەڵگای کوردستان تێبگەن، کە لە چی قەیران و دۆخێکدایە. بۆیە پێویستە ناڕاستەوخۆش کورد لەو هاوپەیمانی و ڕێکەوتننامانە بێبەشنەکرێن. کەم وڵات هەیە لە جیهاندا بە هۆی ئاوارەیی و دەربەدەرییەوە کوردی تێدا نەژی. پێویستە لەو هێزە زۆرە بە توانایەی کوردیش کەڵک وەرگیرێت. بۆ ئەوەی گەلی ئێمەش بەو ڕاستییە بگەن، کە هەمیشە وڵاتانی داگیرکەر هەر لە سەردەمانی گرووگاڵەوە تا بگاتە باخچەی منالان و قووتابخانە سەرەتایی و زانکۆکان، ئیسرائیلیان زۆر بە خەتەرو بڤەو دژە ئایین بە ئێمە ناساندووە. کەچی ئێستا بۆخۆیان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ژیان بە ئاشتی و ئارامی لە بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و دەسەڵاتی ئەوانیشدایە. بەڵام نەک خۆیان ئامادە نین لەگەڵ گەلی کورد و کوردستان ئاشتی بکەن، بکرە ئاشتی بۆ کوردستانیش لەگەڵ ئسیرائیل و عەرەب بە تاوان دەبینن. کەوابێت ئاشتی وئارامی وهاوپەیمانی بەبێ نەتەوەییەکی خۆڕاگر و کۆڵنەدەر لەپێناو مافەکانیان، نەتەوەیەکی وەک کورد و کوردستان، کە زیاد لە ٦٠ ملۆێن لە پێکهاتەی خۆرهەڵاتی ناڤین پێکدێنن، هەم ناحەقییەکی مرۆیی و مێژووییە، و هەم کەمکوورییەکی بەرچاویشە، و هەم کێشەیەکی درێژەخایەنیشە لە ناوچەکەدا، تا چارەسەر نەکردنی، ئەو کێشەیە دریژەی دەبێت.

**وەک پارتی سەربەستیی کوردستان:** پێمانوایە هەر جۆرە هاوپەیمانییەکی ناوچەکە کە زیان بە دابەشبوونەوەی کوردستان نەگەیەنێت، یا لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی ئەو هاوپەیماننامە داگیرکەرانی کوردستان نەبن. بە پێێ پێناسەکەی سەرەوە، پێویستە گەلی کوردیش خۆی لەو هاوپەیمانییەدا ببینێتەوە. نەک بکەوێتە دژایەتی کردنیان.

**شەڕی ڕوسیا و ئۆکرانیا، کورد دەبێت چی ڕۆڵێکی هەبێت.**

وەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە ڕێک یەکساڵی تەواوە شەڕیماڵوێرانکاری نێوان ڕۆسیا و ئۆکرانیا بەردەوامەوە، کوژراو بریندارو وێرانکاری لە هەر دوو وڵات گەلێک زۆرە. تا ئێستاش ئەوەی باسدەکرێت بە ئاسانی دڵخۆشییەک نییە بۆ ئاشتەواوی و ڕاوەستانی ئەو شەڕە. ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمە ئاماژەی پێبکەم و پێوەندی ناڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردوو زلهێزی شەڕەکە، واتە بەرەی ئوروپا بە پشتیوانی ئەمریکا و ناتۆ بە لایەکدا، بەرەی ڕۆسیاش بە نزیکایەتی ئێران و چین و چەند وڵاتێکی دیکەش. هەردوو لایەنی ئەمریکی و رووشیش لە مێژووی کۆن و ئیستاشدا بوونیان وەک سیاسی و ئابووری وئەمنی لە بەشەکانی کوردستان هەبووە، و ئێستاش زیاتر هەیە. ئەم شەڕەش بێجگە لەوەی کە دۆزی ئابووری زۆربەی جیهان، بە تایبەت ئوروپای تێکداوە، کاریگەری ئابووری و سیاسیشی لە سەر کوردستان داناوە.

کوردەکانی بە سەر ۲ بەرەدا دابەشکردووە. ئێران بە ناردنی فرۆکەی بێفرۆکەوان بە مەبەستی پشتیوانی لە ڕوسیا بە تەواوی ناتۆ و ئەمریکا و یەکێتی ئوروپای لە خۆی زیاتر تووڕەکردووە. بەشی زۆری کوردەکان لە بەرەی ئەمریکا و ئوروپا خۆیان دەبیننەوە، و بەلام بەشێکی کەمیش خۆیان ناڕاستەوخۆ لە بەرەی ڕووسیادا دەبیننەوە. بەوەش خەریکە کە کوردەکان بە مەبەستی خۆ نزیککردنەوەن لە گەڵ لایەنەکانی نەیاری ڕێژیمی ئێران. کەوابێت بۆ داهاتووی ڕۆژهەلاتی نیشتیمان دەکەوێتە لیستی نەیارانی ولاتی ڕوسیاو هاوپەیمانەکانی.
وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، پێمانوایە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی نیشتیمان، پێویستە لەم شەڕەی ئێستای نێوان ئەمریکاو ڕوسیا، وێرای ئەوەی کە دەبێت هەمیشە کردەوە خراپکاریە کانی ڕێژیمی ئیران بۆ جیهان زەقکاتەوە. بەلام خۆی بە نزیک و پشتیوانی هیچکام لەو ولاتانە نەزانێت، و خۆی بە بێلایەنی بهێڵێتەوە. لە پێناو هەولێکی کاتی و شەڕێکی ناڕوون، خۆی نەخاتە نێو قەیرانێکی درێژخاینەوە. بیر لە پەرچەکرداری دواڕۆژی لایەنی ڕەنجاو جا ڕوسیا بێت ئا ئوکرانیا بکاتەوە. بیر لە ئاستەنگییەکانی پاش لە ئاکامی ئاشتبوونەوەی ئەو لایەنانە بۆ سەر کوردستان بکەنەوە. زۆر لە ڕووداوەکانی مێژوو سەلماندوویەتی کە ولاتانی زلهێز زۆرجار وەک دۆست و پشتیوانی ئێمەی کورد دەرکەوتوون یا پشتیوان بوون. ئەوانە هەڵسووکەوتی جۆرە مامەڵەوە سەودایەکی سیاسی بوون، لە ئان و ساتدا گۆڕانکاریان بە سەر هاتووە. بۆیە دەبێت هەڵس و کەوتی ئێمەش زۆر وریایانە بێت و دوژمنی درێژخایەن بۆ خۆمان نەچێنین.

**نەبوونی ئوپۆزیسیۆنی ئەلتەرناتیڤ!**

بە گشتی ئەو بڕیارو سزایانەی کە بەردەوام بە دژی بەرپرسان و دەزگاکانیان دەدریتە دەرەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە زلهێزانی جیهان لە هەولی گۆڕینی ئەم ڕێژیمەدان. بەلام ئەوەی تا ئێستا وەک جێگرەوەیەک (ئەڵتەرناتیڤیک) دەرنەکەوتووە ولامدەر نەبووە، ئەویش نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی جێگەی پەسەندی دەرەوە وناوخۆ بووە. لە نێو فارسی و سەرتاسەریخوازەکاندا چەند لایەنێک هەن، کە ۲ لایەنی فارس تا ڕادەیەکی کەم خەڵکی هاونیشتیمانی خۆیانیان لەگەڵە. ئەوەش سازمانی مجاهدینی خەڵک و لاینگرانی سیستەمی پاشاییەتی، کە جەماعەتی پاشایەتی چەند لق و پۆیەکیان لێ دەبێتەوە. لەو ۲ لایەنە، سازمانی موجاهیدین لە پرۆژەی کاری سیاسی خۆیدا ئاماژە بە خودموختاری بۆ کوردستان دەکات، دەنا تەواوی لایەنەکانی دیکەی سەرتاسەریخواز، هەڕەشە لە نەتەوە بندەستەکان دەکەن، کە نابێت بیر لە دابەشبوونی دەسەلاتی ئێرانی فارسی بکرێتەوە. بگرە دژی ئازادی زمانی دایکیشین. ئەوان دەیانهەوێت هەموان لە ژێر ناوی میللەتی ئێراندا لە قالب بدەن و هێواش هێواش هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکان لە بن زمانی فارسیدا بتوێننەوە. ئەوەش وایکردووە کە هیچ تاکێکی کوردستانی و نەتەوە بندەستەکان دلخۆشیان بە پارتە فارسییە سەرتاسەریخوازانە نەماوە، ئەوانیش بە تەوای ڕۆژانە پێگەیان لاواز دەبێت. جاروبار کەسانی تازە باو یا تازە زیانپێگەیشتووی دەستی ڕێژیمەکەیان سەرهەڵدەدن و خۆیان نمایش دەکەن، بەلام ئەوانیش نەیانتوانیوە ببنە جێگرەوەیەکی جێگەی باوەری ۱٪ سەرتاسەریخوازەکانیش. بەگشتی نەبوونی ئەو ئەڵتەرناتیڤە وایکردووە، کە پرۆسەی پەلەکردن لە گۆڕینی ڕێژیمەکە خاو بووەتە، بەلام وەک بیرۆکەی ڕووخانەکە هەر بە هێزە.

**گەلی کورد لەم پرۆسەیەدا.** بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە چەخماخەی ئەم شۆڕشە لە پاش شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە ٩/١٦ /٢٠٢٢ لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانەوە لێدرا و دواتر توانی ببێت بە شۆڕشێکی گشتگیر. لە تەواوی ئەو ٥ مانگەدا لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان درووشم و لێدوانەکان، بە تایبەت لە کاتی ناشتنی شەهیدان و پاکردنەوەی چل ڕۆژەیان، هەموو بانگەشەی نەتەوەیی و کوردستانی بووە و نیشانیان داوە کە کوردستان لە بەشەکانی دیکەی ئێران جیاوازە. ئەو بوێریەی لەم ماوەیەدا خۆی دەرخست، بەراست کەم وێنەیە و ترسێکی زۆری لە دڵی داگیرکەر و تەوایەتخوازەکانی ژوورەوە و دەرەوەدا دروست کردوە.
زۆر هەوڵ لە ئارادابووە وتا ئێستاش هەیە، کە بەرووبومی شۆڕشەکە لە کوردستان دابڕن و بیکەن بە قەوڵی خۆیان بە شۆڕشێکی ناوخۆیی ئێرانی، واتە( ئینقلابی ئێران) بۆ ئازادی و دیمۆکراسی، بەڵام دووربێت لە پێناسەی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی بندەست. میدیا سەرتاسەرییەکانی فارسی بە ناو ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات، هەوڵیان دەدا ناوەکەی لە ژینای کورد بکەن بە مەهسای فارسی، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت یەک میدیای فارسی ئامادە نییە بە ژینا ناوی بهێنێت، لە حاڵێکدا دایک وباوکیشی هاوار دەکەن، کە کچەکەیان ناوی ژینایە، و ئیدارەی ڕەگەزپەرەستی پێدانی پێناسەی ئێرانی، بە بێ ویستی خاوەن منال ناوەکەیان لە کوردییەوە گۆڕیوە بۆ فارسی، کە هەرگیز ناوی مەهسایان لە ماڵ و لە گەڕەک بەکار نەهێناوە. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زۆریان هەوڵدا بە فرت وفێڵی هەمیشەییان خۆیان بکەن بە خاوەنی شۆڕشەکە و لایەنە کوردستانیە کانیش بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بەڵام بە هۆی نواندنی هەستی نەتەوایەتی ودرووشمەکانی خەڵکی قارەمان وڕاپەڕیوی کوردستان لەناوخۆی وڵات. هەروەها فشاری کادیر وئەندامانی ناو حیزبەکان، تائیستا توانراوە ڕێگە بە لایەنە سیاسییەکان بگیرێت کە جارێکی دیکە بە ئاسانی نەکەونەوە نێو داوی بەڵێنییە ناڕاستەکانیان.
**ڕۆڵی پارتی سەربەستیی کوردستان:** بەڵگە تۆمارکرا و نووسراوەکان شایەتی ئەوە دەدەن، کە پارتی سەربەستیی کوردستان، پێش هەموو لایەک هەستی بەو فرت وفێڵانە کرد و بەردەوام هەڵوێست و ڕوونکردنەوەی بۆ خەڵکی کوردستان داوەتە دەرەوە، زۆرجاریش بە ڕپەلاماری ڕاگەیاندنە فارسییەکان و پەلاری هێندیک لایەنی کوردیش کەوتووە. بەڵام تا ئێستاش پێداگرین لە سەر پاراستنی دەسکەوتی شۆرشی ژینای کوردستان و یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کورد.
ئەوەی وەک نیمچە بەرە یا هاوپەیمانییەک لە ئێستادا لە کوردستان لە ئارادایە و جێگەی دڵخۆشی بووە، ئەویش ناوەندی **"هاوکاری پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە"**، بە داخەوە ئەوان ناسناوی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیان لێناوە. ئەو ناوەندە نزیک بە ٧ساڵ پێش لە لایەن ٢ لایەنی دیمۆکرات و ٢ لایەنی کۆمەڵە دامەزرابوو بۆ پێکەوە کارکردن، بەخۆشییەوە لە ساڵی ٢٠٢٢هەردوو لایەنی لەیەکدابڕاوی نێو کۆمەڵەکان و دیمۆکراتەکان یەکیان گرتەوە. ناوەندەکە مایەوە بۆ دوو حیزب، وەک حدکا وکۆمەڵە. هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت نکۆڵی لە خەباتی دێرین و پڕ لە هەزاران شەهید وماندوویی ئەو ٢لایەنە بەرچاو نەگرێت، کە تازەترین کارەسات هەر لەم نزیکانە ئەوان و چەند لایەنی دیکەش کەوتنە بەر پەلاماری هاژەک ودرۆنی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانی و نزیک بە٥٠کەسی دیکەیان لێ شەهید و بە سەدان بنەماڵەیان دەربەدەر بوون. بەڵام بوونی بەرەیەکی بەهێزی کوردستانی وڵامدەری ئەو گۆڕانکاری و ڕاپەڕینەی ئێستای کوردستان و ئێرانە. کەوابێت ئەو ناوەندە تەنیا بە بوونی ئەو ٢حیزبە ناکرێت بە نوێنەری

هەموو لایەن و پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسرێت. ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، هەم لە پێش ڕاپەڕینی ژینا وهەم چەند مانگ پاش ڕاپەڕینەکەش پێشنیارمان بۆ ناردوون کە پێویستە ئەو ناوەندە یا فراوان بکرێت، یا ئەوان کار بۆ دروستکردنی بەرەیەکی سەرتاسەری کوردستانی بکەن، کە لە ناو بەرەدا هیچ ڕێگە چارەیەکی وەک فیدراڵی یا هی دیکەی تێدا فەرز نەکرێت. دیارە ئەوە پێشنارەی ئێمە، بە دڵنیایەوە پێشنیاری زۆربەی هەرە زۆری خەلکی ڕۆژهەڵات و لایەنە سیاسیەکانی دیکەشە. بەڵام بە داخەوە تا ئێستاش کە ٥ مانگە لە نیو ئەو شۆڕشەداین، ئەو بەرەی کوردستانیە یا فراوانبوونی ناوەندەکە جێبەجێ نەکراوە.
یەکێک لەو گلەییانەی ئێمە و لایەنەکان وخەڵکی کوردستان لەو٢ حیزبە ئەوەیە، کە بۆ هەر جۆرە نزیکبوونەوەیەکی کوردستانی لای ئەوان زۆر بە خاوی کاری بۆ دەکرێت و دەڵێن گوایا کاتی زۆر دەوێت. بەڵام بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ لایەنی فارسی وغەیرە کوردی زۆر خێرا پرۆسەی هاوپەیمانی و شتی دیکە واژۆ دەکرێت و درووست دەبێت. سەرەڕای نەبوونی بەرەیەکی بە هێزی کوردستانی، لە ئێستادا لە نێوگەلانی بندەست و گەلی فارسی ڕاپەڕیوی ئێرانیشدا، گەلی کورد و کوردستان لە هەموو لایەک، پووختەتر و بە بەرنامە ترە.

**دەوڵەتی کاتی لە تاراوگە.** پارتی سەربەستیی کوردستان لە ماوەی١٧ساڵ تەمەنی دامەزراندنیەوە هەمیشە هەوڵ و پێشنیاری ئەوە بووە، کە پێویستە لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرو ئاکادیمییە کوردستانیەکان، لە هەوڵی درووستکردنی دەوڵەتی تاراوگەداین. بە ٢ مەبەستەوە.
١/ بەو شێوە دەوڵەتە تاراوگەییە، هەرچەند دەوڵەتێکی کردەوەیی نییەو دوورە لە خاک وخەڵک و بێ ئیمکاناتە. بەڵام ئەوە دەسەلمێنیت کە تۆی کورد، بە زۆر وبە بێ ویستی خۆت خراویتە ژێر حوکم و دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانەوە. باس لە ماف و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆت وەک کوردستان دەکەیت.خۆت بۆ هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە ناوچەکە ئامادە دەکەیت.

٢ / ئەو دەوڵەتە تاراوگەیە دەتوانێت یاسایەکی بەڕێوەبەری کاتی ئامادە بکات، بۆ ئەگەری سەردەمی رووخانی ڕێژیم وگەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵات. کە تا درووستبوونی هەلێکی گوونجاو بۆ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لە کوردستان و درووستبوونی حکوومەتی هەڵبژێردراوی خەڵک و شەقام، کارەکان ڕاپی بکات. کەوابێت دەکرێت بەو حکوومەتە تاراوگەیە وبەو یاسا کاتییە، لانیکەم ساڵێک لە کوردستان ئیدارە و بەڕێوەبەری بکرێت. بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لە هەر جۆرە ڕووداوێکی مەترسیدار لە ماوەی بۆشایی یاسایدا لە کوردستان. یا مەترسی بۆ سنوورەکانی کوردستان درووست ببێت. چوون ئەو ڕێژیمە لە ماوەی نزیک بە ٤٤ساڵەی حوکمداری خراپیدا ئاسەواری زۆر نەشیاوی لە نێو خەڵکدا هێشتووەتەوە. لە وانەیە بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی پێشوو، یا نۆکەر وبە کرێگیراوەکانیان، مەترسی ڕەشەکووژی وتێکدان و تاڵانکردنی دام و دەزگاکانی خزمەتگووزاری خەڵک، و درووستبوونی لایەنی توندرە و تێکدەر بێتە ئاراوە. بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو حکوومەتە تاراوگە پێشوەخت درووستکراوە، لانیکەم بەرگری لە زۆر ڕووداو و پێشهات دەکات.
**وەک پارتی سەربەستیی کوردستان** ئێستاش لەو باوەڕداین کە بۆ ئەو ئەرکە گرنگە، پێویستە کاری بۆ بکرێت و بە هەند وەرگیرێت. پەشیمانی لە دوارۆژدا فریای ڕووداوەکان ناکەوێت. بۆیە

داوا لە گشت پارت و لایەن ورێکخراو، تاکە خەمخۆرەکانی وڵات دەکەین، ئێوەیش هەوڵی خۆتانی بۆ بخەنە گەڕ.

**بۆ دەبێت پێداگربین لە سەر خەباتی سەربەخۆیی بۆ کوردستان؟**

کوردستانیانی هێژا! ڕۆڵەکانی چاوەڕوانی سەربەستی و سەربەخۆیی یەکجاری خاکی کوردستان! ئەرکی هەر نەتەوەیەکی بندەست و نیشتیمان داگیرکراوە کە خەبات لە پێناو گەڕانەوەی سەربەخۆیی سەروەری وڵاتەکەیدا بکات. بۆ گەلی ئیمەی کوردیش ئەوە درووسترین ڕێگایە. چوون ئێمەی کورد و کوردستانی یەکێکین لە کۆنترین نەتەوەکانی ئەم جیهانە، کە بەڵگەکانی مێژوو دەیسەلمێنن لانیکەم ١٢هەزار ساڵە لە نەتەوەکانی هەڵکەوتووی زەنجیرە شاخەکانی زاگرۆس و هەزاران ساڵەی شارستانی مێژووی مێزوبۆتامیان. بەڵام ئەوەندە بە گوومانەوە پەروەردە کراوین، کە تائێستاش خاوەنی کیان و دەوڵەت وسەربەخۆیی خۆمان نین، دەبێ هەمیشە بپرسین بۆ؟ بۆ نەمانتوانیوە ببینە خاوەنی سەربەخۆیی خۆمان؟ نەتەوەی ئێمەی کورد لەهێچ شوێنێکێ دیکەوە نەهاتووین وخاکی گەلێکی دیکەمان داگیر نەکردوە، بەڵگە مێژوەیەکان دەیسەلمێنن کە گەلی کورد خاوەنی فەرهەنگێکی لە مێژینە و خەباتێکی بێ پسانەوە و دورو درێژو خوێناوییە. هەزاران ساڵە لەو نێشتمانە پڕ پیت ودەوڵەمەنەدە دەژی کەناوی کوردستانە، کۆڵنەدەرانە و بێوچان هەردەم بۆ پاراستنی زمان و کولتورو ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی کە لە لایەن داگیر کەرانەوە هەوڵی لە ناو بردن وسڕینەوەی دراوە خەباتی کردوە بۆ گەیشتن بەکاروانی شارستانیەتی جیهانی وژیانێکی سەربەست. ئێستا جێی خۆشحاڵیە کە دەبیینن بە خۆشیەوە نیمچە سەربەخۆییەک کە هیوای مەزنتری بە شوێندایە لە باشوری کوردستان هەیە، کە خاوەنی سەرۆک و سەرۆکوەزیر و سەرۆک پەرلەمانە. لە ڕۆژئاوای نیشتیمانیش جۆرە دەسەڵاتێک وبەڕێوەبەرییەکی هاوبەش لە هێندێک لە ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستان لە ئارادایە. بەشەکانی ڕۆژهەلات و باکووری کوردستان تا ئیستاش لە ژێر ستەمی داگیرکەراندا دەناڵێنن. کەوابێت سەروەت وسامان و ئابورییە دەستبەسەرگیراوەکەی کوردستانمان، مێژووەکەی، فەرهەنگەکەی، ناسراویەکەی لە ئاست مێژوویی جیهاندا، باشترین بەڵگەیە بۆ خەباتکردن لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان. ئەو کۆسپانەی بە هۆی ئابوری وڵاتانی داگیرکەر بۆ ڕێگرترن لە پشتیوانی نەکردنی وڵاتانی جیهان لە سەر سەربەخۆیی کوردستان، بە یەکگرتوویی بەسیاسەتی ژیرانە دەتوانرێت کاریگەری باشی هەبێت لە سەر کۆکردنەوەی پشتیوانی نێۆ نەتەوەیی. پێویستە وەک هەنگاوی یەکەم پەروەردەی نەتەوەیی هەر لە باخچەی مناڵانەوە تا گشت شوێنەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەمان دەست پێبکات. بیرۆکەی نەتەوەیی بکرێت بە کولتورو وێردی سەر زاری هەر تاکێک. لە ڕێگەی میدیا و ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا خەڵکی بۆ هۆشیارکرێتەوە. خەبات لە پێناو کوردستانێکی دیمۆکرات و سەربەخۆ بکرێتە ستراتیژی هەموو حیزب و لایەنێکمان.

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەبات بۆ سەربەخۆیی.**

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری بەربەرەکانی و خەباتدا بووە، هەمیشە لە پێناو بە دەست هێنانی مافەڕەواکانی گەلی کورد هەر لە سەردەمی شۆڕشی خانی لەپزێڕینەوە بگرە تا خەبات لەگەڵ حکومەتەکانی پێشووی

پاشایەتی ئێران و ڕێژیمی ئیستای کۆماری ئیسلامی ئێران، بەربەرەکانی کردوە. بە دەیانهەزار ڕۆڵەی تیکۆشەری کردوەتە قوربانی خەبات لە پێناو ئازادی وسەربەستیدا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێرای دەیان خەبات وجوڵانەوەی نیشتمان پەروەرانە لە ماکۆوە تا ئەیوان، لە هەموویان گرنگتر کە بۆ یەکەم جار دەوڵەتی کوردی لە کوردستان لەو بەشەدا بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی موحەممەد دروستکراوە، کە ناوی کۆماری کوردستان بووە. بە بەشداری جەنەڕاڵ مەلا موستەفای بارزانی و تێکۆشەرانی دیکەی باشوری کوردستان وبەشەکانی دیکەی کوردستان، بە کردەوە سەلماندوویەتی کە کۆماری هەموو کوردستان بووە. بە پێچەوانەی هیندێک بە ناو مێژوو نووسی فارس و کوردی مێشک لاواز، کە مخابن هیندێکیش لەوانەی کە چالاکیی سیاسییان هەیە بەڵام بە مەبەستی بچووک کردنەوەی ئەو دەستکەوتە مەزنە، بە کۆماری خودموختار یا کۆماری مهاباد ناودێری دەکەن. لە حاڵێکدا ئەو کۆمارە بە ئاشکرابوونی دەیان بەڵگەی دێرنی باڵوێزی ئەوکاتی وڵاتان لە ئێران، دەرکەوتوو کە کۆمارێکی سەربەخۆی مۆدێرن بووە لە کاتی خۆیدا. کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، کە ئەمڕۆ بووەتە مێژوویەکی پڕلە شانازی هەموو کوردستان، یەکێکە لەخەباتە نەتەوەییەکانی هەموو کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان ڕاگەیاندبوو.

**کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو!** ئێمەی گەلی کورد و کوردستان، کە نەتەوەییەکی سەرەوەی ٥٠ ملۆێنین، کە لەم ژمارەیە زیاد لە١٢ملوێنی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانە و بەردەوام بۆمبارانی مێشک و هزرمان کراوە، بۆ ئەوەی لە بیرکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان دوورکەوینەوە. بەردەوام بە پڕوپاگەندەی نەیارانمان، بڕوبیانووی بە ناو سیاسەت و تەکتیک، بەڵام بە کردەوە نا سیاسی هیندێک حیزب و لایەنی کوردییەوە، وایان لێکردووە کە لە دەیەکانی ڕابووردوودا بە ترس و دڵەراوکێ، باس لە سەربەخۆیی کوردستان بکرێت. بەڵام بە خۆشییەوە لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا، شەقامی کوردستانی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، وەک ژنان، لاوان، مامۆستایانی ئایینی، سەندیکای مامۆستایان و کرێکاران و گشت چین وتویژەکانییەوە، بە وتنەوەی درووشمی کوردستان، **گۆڕستانی داگیرکەران، هەتا کوردێک بمێنێت کوردستان هەر دەمێنێت**، و بە دەیان جۆرە پەیامی دیکەی نەتەوەیی، ئەو دڵنیاییە پشتڕاستکردەوە کە گەلی ئێمە سەربەخۆیی و ڕزگاریی یەکجاری دەوێت، نە بندەستی و کۆیەلتی، بە ڕنگ و شکڵی نوێ وجیاوازەوە، کە لە ٢٠٢٣ بۆمان داتاشنەوە. مخابن **٧٧**ساڵ بە سەر تێکچوونی کۆمارە سەربەخۆکەمان تێپەڕی، هەر لەو**٧٧**ساڵەدا ٨٣ (هەشتا و سێ) نەتەوە سەربەخۆیی یەکجارییان بە دەستهێناوە و چەندین نەتەوەش خاوەنی جۆرە سەرەوەریەکن لە چوارچێوەی یاسای وڵاتە مەزنەکاندا. کەچی هێشتاش هێندێک لە پارتە کوردستانیەکان هەر دەڵێن هەل ومەرج بۆ سەربەخۆیی گوونجاو نییە. هەر بە خەیاڵی دیمۆکراسی بۆ نەتەوەی داگیرکەرەوە دەژین و خەبات دەکەن.

لەو بوارەدا **پارتی سەربەستیی کوردستان** خاکی خۆرهەڵاتی کوردستان و دانیشتوانی بەپێی بەڵگەو پێناسە مێژووییەکان هەرگیز بە ئێرانی ناناسێت. ئەو پڕوپاگەندەی کە گوایە کوردەکان خاوەنی ڕەسەنی ئێرانن بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە، ئەو جۆرە مێژوو شێوێندنە بە ئامرازێک دەزانێت بۆ سڕینەوەی هەستی نەتەوایەتی تاکی کورد لەو بەشە داگیرکراوەی کوردستاندا. هەروەها پارتیمان خەبات بۆ سەربەخۆیی بە خەباتێکی ڕەوا دەزانێت، و بانگهێشتی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکات بۆ بەشداریکردن لەخەبات بۆ سەربەخۆیی و سەربەستیی یەکجاریمان.

ئێمە دەبێت داگیرکەر لە کوردستان دەربکەین. ئەو هەموو بەڵگە ڕاستیانەی مێژوویی و جۆگرافیایی کوردستان ئەوە دەسەلمێنن کە بێجگە لە سەربەخۆیی سیاسی وئابوری وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وبووژاندنەوە و گەشەپێدانی کولتور و زمان وئەدەبی نەتەوایەتی، هیچ شوعارێک وتاکتیکێکی دیکە ناتوانی ڕزگارمان بکات. نموونەی هەوڵدانی دەیانساڵی لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات، کە داوای خودموختاری و فیدراڵیان دەکرد، بەڵام بە تێرورکردنی ڕێبەران و مووشەک و درۆن لە لایەن وڵاتانی حاکمەوە وڵام دەدرانەوە. لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنیشەوە بە مەکینەی میدیاکان پەلاماری گەلی کوردیان دا و داوای ماف و سەربەخۆیی بە تاوان پێناسەکراوە.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستی وڵاتێکی داگیرکەردایە کە چەند نەتەوەی دیکە وەک دراوسێێ کوردستانی تێدا دەژی و خاکی ئەوانیشیان داگیرکردوە. لە درێژەی مێژووی ئەو داگیرکردنەدا بێجگە لە نەتەوەی دەسەڵاتداری فارس، نەتەوەکانی دیکە بە گشتی لە نیشتمانی داگیرکراوی خۆیاندا لە هەر چەشنە مافێکی ڕەوای نەتەوایەتی بێبەش کراون. لە وڵاتێکی ئاوا داگیرکەردا نەتەوەکانیتر لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگیدا چەوساونەتەوە.

ئەوە بەڵگەیەکی ڕاستی وحاشا هەڵنەگرە کە گەلی کورد زیاد لە هەموو ئەو گەلانە بەرامبەر بە داگیرکەران خەباتی کردوە و قوربانی داوە. بەڵام لەم سەردەمەدا بە خۆشیەوە دەبینین کە خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێر ستەمی داگیرکەران لە نێو گەلانی دیکەی بن دەستی ئێران سەری هەڵداوە، کە ئەمەش ئۆمێدێکی زیاتر بە پەرە سەندنی بیرۆکەی سەربەخۆییخوازی دەدات.

ئەگەر گەلی کوردی بندەستی ئێران وەک تەنیا گەلێک لە ناوچەکەدا خەبات بکات بۆ سەربەخۆیی، گومان لەوەدا نییە کە خەباتێکی یەکجار دژوار دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو٥ گەلە هەموویان خەبات بکەن بۆ وەدەرنانی دەسەڵاتی سەدانساڵەی ئیمپراتۆری فارسی لە سەر خاکەکەیان، ئیدی ڕێژیمی حاکم بە چۆکدا دێنێ و دەسەڵاتی نیزامی لە چنگدا نامێنی.

ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ بە ئێران ناسراوە تەنیا ٢٥% لە نەتەوەی فارس پێکهاتووە٧٥% لە نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد، تورکی ئازەری، عەرەبی ئەحواز، بەلوچ، تورکمەن سەحرایی و کاسپیان وهتد، پێکهاتووە کە ئەگەر ئەو٧٥% لەو وڵاتە جیابوونەوە هیچ توانای بەرگری کردنێک لەو ڕێژیمەدا بەدی ناکرێت، بەبۆچوونی ئێمە هیچ زلهێزێکی ئەم جیهانەش بە نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهانیشەوە ناتوانن بەر لە داخوازی٥ نەتەوەی بندەست بگرن کە داوای جیابوونەوە دەکەن.

کوردستانیانی بەڕێز! لەم هەزارەی سێیەمەدا کە ئیدی کەم نەتەوە ماوە لە جیهاندا چاوی بە سەربەخۆیی ڕوون نەبووبێتەوە، ئێمەی کوردیش نابێت باس لە شێوە مافگەلێکی سەرەتایی بکەین و واز لە ویستی سەربەخۆیی و سەروەری گشتی گەلەکەمان بێنین. ئێمە دەبێ وەک لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ئیستاوە خۆمان بۆ ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران و گەرانەوەمان بە هزری سەربەخۆییەوە ئامادە بکەین. بیر لەوە نەکەینەوە کە لەگەڵ بە ناو ئوپوزوسیۆنی ئێران، دیسانەوە بچینەوە تاران کۆبینەوە و باس لە مافی سەرەتایی فەرهەنگی و کولتوری بکەین.

ئەگەر ئێمە لەو هەلە هەڵکەوتووانە کەڵک وەرنەگرین، دیسان دوژمنەکانمان لە بوارێ هێز و دەسەڵاتەوە خۆیان دەگرنەوە و بەرەنگارمان دەبنەوە. مێژو زۆر باش شایەتی لە بڕیار و بەڵێنییەکانی خومەینی دەدا، کە پێش لە وەرگرتنی دەسەڵات چ بەڵێنگەلێکی بە گەلی کورد

دەدا، بەڵام لەکاتی کۆکردنەوەی سوپای ئیسلام واتە سوپای پاسداران، چ کوشت و کوشتارێکی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا سەپاند. بە داخەوە زۆرجاریش لە لایەن هیندێک لە پارتە کوردیەکانەوە باس لەوە دەکرێت کە گۆیا هەڵگرتنی ستراتیژی سەربەخۆیی زەنگێکی خەتەر وخەتی سوورە بۆ کورد و نابێت لەم سەردەمەدا باسی لێوە بکەین. ئەی ئەگەر ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە لە بندەستی ئەم مافە بەرز نەکەینەوە، کەواتە کەی بەرزی بکەینەوە؟ دەیانساڵی دیکە ڕاوەستین و سەدانهەزار ئەنفالکراو شیمیایکراوی تر، ئەم جۆرە خۆ بەکەمزانینە چاوەڕوانی زۆر نەهامەتی دیکەمان لێدەکات.

**هەل و مەرجی گشتی کوردستان :**

خەڵکی خۆڕاگر وکۆڵنەدەری کوردستان! بەشدارانی کۆنگرەی سێیەمی پارتی سەربەستیی کوردستان! لەو کاتەدا کە سەرقاڵی گریدانی کۆنگرەکەمانین، هەر بەشێکی خاکی داگیرکراوی کوردستان، لە قۆناغێکی جیاوازو دژواردایە.

**باشووری کوردستان:** باشوری کوردستان لە سەد ساڵی ڕابووردووەوە تا هەنووکەش بەردەوام لە سەنگەری بەربەرەکانیدا بووە، هەمیشە ئامانجی سەرەکی پلان و کۆمەڵکوژی ڕێژیمی ئێراقی داگیرکەر بووە، وێرای دەیان ساڵ خەباتی ئاشکراو بەرچاو، ئەو بەشەی کوردستان، پێناسەی سەدان هەزار ئەنفالکراو و شەهید ومالۆیرانیە کە مێژوو ناتوانێ نکۆڵی لێبکات. باشووری نیشتیمان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە بەشێکی خاکی نیشتیمان سوپا و دەسەڵاتی داگیرکەری وەدەرنا و کوردستانیان بۆ خۆیان ئیدارەی خۆیان دەکەن. لە ساڵی ٢٠٠٣ و لە کاتی ڕووخانی حکوومەتی بەعسی ئێراقی بۆ سەرەوە، وەک هەرێمی کوردستان لە ناو یاسای ئێراقی نوێدا دانی پێدانراوە. سەرەڕای بوونی دەیان کۆسپی وڵاتانی دراوسێی و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز وپیلانە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا. ئاستەنگی بەردەوام بۆ سەر قووت و ژیانی هاووڵاتیان و درووستکردنی کێشە لە ڕێگەی دادگاکانیانەوە بۆ سەرچاوە و سامانە ئابوورییەکان. بەڵام لەم سەردەمەدا کە دەبیینی بە خۆشیەوە نیمچە سەربەخۆییەک کە هیوای مەزنتری بە شۆێندایە لە باشوری کوردستان هەیە و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە سەرۆکی کوردستان وسەرۆک وەزیری کوردستان و سەرۆک پەرلەمانی کوردستانمان هەیە، ئەمەش بەڵگەی زیندووی خۆڕاگری وئازادیخوازی گەلی کۆڵنەدری کورد لە باشوری کوردستانە. کۆماری ئیسلامی ئێران، چاوی بەو دەسکەوتە مەزنەی ئەو بەشەی کوردستاندا هەڵنایەت، دەبینین کە زیاد لە ٤٠ کۆنسۆلگەری و نووسینگەی وڵاتان و ڕێکخراوە گرنگەکان لە کوردستان هەن. بەردەوام لە ڕێگەی هێز ومیلیشیا تایبەتەکانی خۆیان لە بەغدا سەرقاڵی تێکدانی ئەو دەسکەوتەی باشووری وڵاتن، بەردەوام لە ڕێگەی تۆپباران، مووشەک(هاژەک) و درۆن، بە بیانووی گوایا ئیسرائیل وهەروەها بوونی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، دەیەوێت ئەمنیەت وئاسایشی هەرێم بخاتە مەترسییەو، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی وڵاتان لە باشووری کوردستان بکشێنەوە.

**باکوری کوردستان:** ئەو شوێنەیە کە مەڵبەندی بەشی هەرە زۆری کوردستانیانە. سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی داگیرکاری بۆ سەر خەڵک، زۆر بەداخەوە لەم کاتەدا کە ئێمە سەرقاڵی گۆنگرەی سێیەمداین، وابۆ ١١ڕۆژ تێپەڕ دەبێت بە سەر ڕوودانی کارەساتێکی مەزنی زەوی لەرزینی کەموێنە لە مێژووی سەدساڵی رابردوودا، کە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویداوە. زیاد لە ١٠پارێزگای باکووری کوردستان بەر ئەو زەویلەرزینە کەوتووە. ژمارەی گیان لەدەستدانی هاووڵاتیانی باکووری نیشتیمان گەیشتووەتە نزیک بە ١٠٠هەزارکەس، و ژمارەی بریندارایش لە سەرەوەی ٧٥٠٠٠هەزار کەسە. بێجگە لەوەی بە دەیانهەزار باڵەخانە و ماڵ وبازاڕ وقووتابخانە و شوێنی ژیانی خەڵک لەو بەشەدا تێکچووە. بە پێی چەندین سەرچاوەی جیاواز ئاماژەوە بەوە دەکەن کە ئاماری کوردەکانی باکووری وڵاتمان لە بندەستی تورکیا، دەگاتە سەرەوەی ٢٥ملیۆن، بێجگە لە بوونی زیاد لە ٤ملوێن کورد لە ناو ئیستەنبوولدا. وەک دەبینین گڕی خەباتی سیاسی و پەرلەمانی و "شاخی"، لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان بەردەوامە. ئەو بەرخۆدانە وڵاتی تورکیای خستووەتە ژێر فشاری ناوخۆیی و نێونەتەوەییەوە. ٣مانگ و چەند ڕۆژێک ماوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە تورکیا، لە ئێستادا چەندین بەرە و ڕکابەری ئەردۆغان سەرۆکی ئیستای تورکیا دروستبوون، کە هەر هەموویان ئەگەر بە ڕێکلامی هەڵبژاردنیش بێت باس لە مافەکانی گەلی کورد دەکەن، کە پێچەوانە لە دەیەکانی پێشوودا ئەسڵەن نکۆڵیان لە بوونی ئەو گەلەش دەکرد.

**ڕۆژئاوای کوردستان:** مخابن هەروەک لە سەرەوە باسکرا کە لەم کاتەدا ئێمە سەرقاڵی گرێدانی کۆنگرەی سێهەمین، ڕۆژئاوای نیشتیمانیش وا ١١ڕۆژە لە نێو کارەساتێکی گەورەی زەویلەرزیندایە. ژمارەی شەهید نزیک بە١٠٠٠٠ ژمارەی بریندارایش بە دەیناهەزارە، بە دەیانهەزاریش بێلانە و خانە لە نیو ئەم چلەی زستانەدا ژیان تێپەر دەکەن. لە عەفرینی دووجار داگیرکراودا لە هەموو ناوچەکان زیاتر شەهید و بریندارى کارەساتی زەویلەرزین هەیە، بەڵام فریاگووزراوی و پێڕاگەیشن زۆر دژوار و ئاستەمە. خەبات لەو بەشەی کوردستانش بە شێوەی جیاواز هەر لە دەیەکانی پێشوو تا ئێستا درێژەی هەیە، لە پاش ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و لاوازی دەسەڵاتی دیمشق وڕاپەرینی سەرتاسەری سوریا، بەشێک لە ناوچە کوردستانیەکانیش کەوتنە دەست ڕۆڵەکانی ئەو بەشەی کوردستان. لە پێشدا نیمچە دەسەڵاتێک بە نێوی ڕۆژئاوا دامەزرا، بەڵام لە سەردەمانی هەڵگیرسانی شەڕی داعشدا ودەرکەوتنی غیرەت و توانایی گەریلاو ژنانی ڕۆژئاوا، توانیان چەند ناوچەیەکی دیکەی هاوبەشی کوردی وعەرەبی لە ژێر چنگی داعش ڕزگار بکەن، مخابن ناوی کوردستان یا ڕۆژئاوای پێوە نەماوە، حکوومەتەکە لە ڕۆژئاوا گۆڕدرا بۆ (بەڕێوەبەرایەتی باکووری رۆژئاوای سوریا) بیانووەکەش ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە بە هاوبەشی چەند ناوچەیەکی کوردی وسوری پێکهاتووە. دیارە ئەوانیش وەک بەشەکانی دیکە لە ئێستادا لە نێو جۆرە پرش وبڵاویەکدان، کە هیواخوازین بە زووترین کات ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن. لەو بەشەی کوردستان پارتە سەرەکییەکان لە نێو دوو بەرەی جیاوازدان، وەک ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سوریا (ENKS) و پارتەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردی (PYNK).

**کوردە دوورخراوەکانی لای خۆراسان و شۆێنەکانی دیکەی ئێران (پارێزگای کوردخانە)**

پلانی دوورخستنەوەی کوردستانیان هەر لە٥٠٠ ساڵ پێشەوە درێژەی هەبووە، هێزەکانی

داگیرکەر و دەسەڵاتدارێتی ئەو سەردەمانەش هەمێشە لە یەکێتی و تواناکانی کورد ترسیان هەبووە. هەروەک لە مێژووی سەدانساڵی ڕابوردومان دەبینین کە چۆن بەرنامەی پرش وبڵاوکردنی کوردیان هەبووە، کوردەکانی خۆراسانیش ئەو بەشە کوردەن کە بوونەتە ئامانجی ئەو پلانەی پێشوو. ئەو کوردانە دانیشتوانی نێوان وان و ورمێ" بوون، ڕاگۆێزی لای باکوری خۆراسان کراون. خۆراسان دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران.

ئیستا سەرژمێری کوردەکانی دانیشتووی باکوری خۆراسان بۆ ٣ملۆین مەزندە دەکرێت. کوردەکانی دوورخراوەی باکوری خۆراسان پێکهاتەی ٢٢ تایفەی ڕەسەنی کوردستانن. وێرای سەدان ساڵ بە سەر دابڕانیان لە ناوچەکانی کوردستان، بەڵام خۆڕاگرانە و زیرەکانە بەسەر زمان و نەریتی کوردانەی خۆیاندا زاڵبوون کە بە زاراوەی کرمانجی دەپەیڤن(قسەدەکەن). لە کاتێکدا خەڵکی چەندین نەتەوەی دیکەی بندەستی ئێران بەهەمانشێوە ئەوانیش بۆناوچەکانی خۆراسان ڕاگۆێزراون، کەچی دەبینین بەشی زۆریان زمانی زگماکیان لە دەستداوە. بەڵام کوردەکان هەمیشە نموونە بوون لە نێو نەتەوە دوورخراوەکانی دیکە لە بواری پاراستنی زمان و فەرهەنگدا.

کوردەکانی دوورخراوەی خۆراسان هەمیشە هەستی نەتەوەیی و کورد بوونیان لە ئاستێکی زۆر بەرزو پیرۆزدا بووە وهەیە. بەدەیان پەرتووکی گرنگیان لە سەر نووسراوە.

پارتی سەربەستیی کوردستان لە سەردەمی ئیستایی خەباتیدا لە تاراوگە و لە خەباتی داهاتووشیدا، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە ئاگاداری هەلومەرج و ژیانی ئەو ٣ملوێن کوردە دوورخراوە بێت، لە ئاست مافەکانیان خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت و پێمان وایە کە لە هەر جۆرە پرۆژە و پلانێک بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نابێت ئەو کوردانەی دوور خراوی لای خۆراسان لە یاد بکرێن، پێویستە هەم لە ئیستادا و هەم لە داهاتووشدا ئەوان لە یاد نەکرێن. پێویستە هەوڵبدرێت لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهان و گشت ڕێکخراوەکانی دیکەی مرۆڤایەتی بەردەوام ئاگاداری و زانیاری لە سەر ئەو کوردانە بڵاو بکرێتەوە، داوای پاراستنی ژیان و مافەکانیان بکەین.

**لوڕ و لەک و پارێزگای لوڕستان**

لەک و لورەکان بەشێکن لە نەتەوەی ڕەسەنی کورد، کە بە زاراوەکانی ناوچەیی تایبەت بە خۆیان کە بەشێکە لە زەنجیرەکانی زاراوەی گۆران قسە دەکەن. بە سەدان بەڵگە و پەرتووکی مێژوویی هەن کە کوردستانی بوونی لەک ولورەکان دەسەلەمێنن. داگیرکەرانی کوردستان زۆریان هەوڵداوە مێژووی کوردبوونی لورەکان بشێوێنن.

هیجکەس ناتوانێ نکۆڵی لە کوردبوونی لەکەکانیش بکات، چوون کرماشان و ئیلام زادگای هەزاران ساڵەی لوڕ و لەکەکانە. بەڵام زۆرجار هەوڵدەدرێت لورەکان بەرەو هەڵدێر ببرێن وایان پێشان بدەن کە گوایا ئەوان کورد نین و نەتەوەیەکی جیاوازترن. بەڵام بە خۆشیەوە بە دەیان شاعیر و نووسەرو کەسایتی لور بە شانازییەوە باسی کوردستانی بوونی خۆیان دەکەن. کەمکاری و کەمتەرخەمیش لە ڕاگەیاندن و دەسەڵات و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیدا هەبووە، کە وەک پێویست لە سەر لەک و لوڕەکانی وڵات کاریان نەکردوە.

پارتی سەربەستیی کوردستان، بۆ ئێستاوداهاتوو بەرنامە و پرۆژەی تایبەت بەو هەرێمانەی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

**کوردەکانی لای قەزوێن.**

بە درێژایی مێژووی کۆن ونوێی کوردستان، هەمیشە دوورخستنەوە و گوازتنەوەی کوردەکان هەبووە و هەیە. کوردەکانی قەزوێن لە سەردەمی دەسەلاتی قاجارییەکان دووخراونەتەوە، لەو کاتەدا زیاد لە دەیانهەزار بنەماڵەی کورد، کە لە تایفەکانی باجەڵان و بەهتونی، چگێنی، ڕەشوەند، غەیاسوەند، کاکاوەند، کرمانی، ئیلمافین و هتد بۆ لای قەزوێن دوور خراونەتەوە. کە ئەوانیش لە ئیستا بەشێکی گرنگی مێژووی ئەو پارێزگایەن. لە ئێستادا وا باس دەکرێت کە ژمارەیان لە سەرەوەی ٣٠٠٠٠٠ سێسەدهەزار کەسە.

ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، پێمانوایە کە دەبێت ئێمەی کوردیش خۆمان بەو کوردە دوورخراوانەوە ماندوو بکەین، و بە باشی بەڵگەی مێژووی سەرزمێریان بدۆزینەوە. پشتیوانی لە گشت مافەکانیان بکەین. کوردەکانی قەزوێن ئەوانیش تا ئێستا هەستی کوردبوونیان زۆر بەهێزە. ئیستاش لە میدیا ڕاگەیاندەکاندا خۆیان وەک کورد دەناسێنن، بەس مخابن بە هۆی پرش وبڵاوبوونیان لە ناو قەزوێن، لە زمانی ڕەسەنی کوردی دوور کەوتوونەتەوە یا لە بیریان چووەتەوە. بۆیە ئێمە بە پیویستی دەزانین کە لە ئیستا و لە داهاتووشدا بیر لەو کوردە دوورخراوانەی لای قەزوێن بکرێتەوە.

**کوردستانیانی دەرەوەی وڵات**

بە هۆی داگیرکاری و جینایەتە بەردەوامەکانی ڕیژیمی پێشوو و کۆماری ئیسلامی ئێران. دەکرێت بڵێین زیاد لە ملوێنێک کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناچاری پەرێوەی هەندەران بوون، بەشی زۆریان بوونەتەوە خاوەنی ڕەگەزنامە و هاووڵاتینامەی ئەو وڵاتانەی لێی دەژین. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە پەیامی کۆنگرەکەمان بۆ کوردستانیانی بەناچار دوورخراوە لە نیشتمانەکەیان واتە کوردستانیانی نیشتەجێ لە وڵاتانی جیاواز لە دەرەوەی وڵات بنێرم. سوپاس و دەستخۆشیان لێبکەم، لەوەی کە لە ئاست ڕووداوەکانی داگیرکەران بۆ کوردستان بەردەوام بە ڕێپێوان و گەیاندنی دەنگیان بە پارت و لایەن و دام و دەزگاکانی ئەو وڵاتانە، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە و هەیە. بە تایبەت لە شۆڕشی ژینای سەپتەمبەری ٢٠٢٢تا کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە، بەردەوام لە شەقامەکان وپایتەختەکانی ئەو لاتانە بۆ پشتیوانی لەشۆڕشی ژینا لە تێکۆشاندان. بۆ ئەوەی بتوانین پشتیوانی نێۆنەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی گەلەکەمان وەدەست بێنین، داوا لە کوردستانیانی پەرێوەی هەندەران دەکەین. کە هەوڵ وتێکۆشانیان بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆیی لەو بەشەی کوردستان لە ئاست دیپڵۆماسی نێودەوڵەتی زیاتر بکەن. **وەک پارتی سەربەستیی کوردستان**، پێمانوایە کە کوردانی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە کۆڵەکەیەکی بە هێزی خەباتی سیاسی وئابووری و مەدەنی، ئیستاو داهاتووی گەلەکەمانن. پێویستە بەردەوام بە

سەر بکرێنەوە و ڕاوبۆچوونیان وەربگیرێت، و لە توانایی و زانابیان بۆ ئیدارەکردنی داهاتووی کوردستان کەڵکوەرگیرێت.

**زیانە کۆمەڵایەتیەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، پلانە پر مەترسییەکان بە دژمان.**

**هەژاری وئاستەنگی ئابووری:** لە سایەی دەسەڵاتی داگیرکەری فارسی ئێران، فشارەکانی ئابووری و هەژاری لە کوردستان بەردەوام لە پەرەسەندندایە. زۆربەی لاوانی نیشتیمان لە زۆربەی پێداویستیەکانی سەردەمی نۆێی ژیانیان  لە بەر هەژاری و نەداری بێبەشن. ئەوەش وایکردووە کە زۆر کارەساتی لێبکەوێتەوە.

**هاوسەرگیری:** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاستەنگیەکی زۆر بۆ پرۆسەی هاوسەر گیری کیژان و کوران دروست دەکرێت. بۆ نموونە هیندێک فەرهەنگی هێناوەتەوە ئاراوە، ئەگەر ٢ لاو پێکەوە هاوسەر گیری بکەن، ئەوا بنەماڵەی کچەکە داوای سەدان سکەی زێر وەک پشت ئەخت( واتە لە کاتی جیابوونەوە بدرێتە کچەکە) دەکەن. بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو ٢ لاوە نەیانتوانی پێکەوە درێژە بە ژیان بدەن، ئەو پشت ئەختە کورەکە ناچار بەوە بکات، بۆ ڕزگار بوون لەو قەیرانە دژوارە ئابوورییە، پەنا بۆ هەموو کارێک ببات، یا زۆر جار لە ناچاری دەبێت هەڵێت و وڵات بەجێ بیلێت یا لە دام و دەزگاکانی سەربە ئیتلاعات خۆی نزیک بکاتەوە، تا لێێ خۆش بن.

**ئاماری جیابوونەوە:** بەداخەوە بەپێێ ڕاپۆرتەکانی گەیشتوو، هۆکاری نەبوونی کار ودامەزراندن و هەژاری، ئاماری جیابوونەوە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیادیکردوە. هۆکارە سەرەکیەکانی ئەو جیابوونەوانە، بێکاری و ئالودەبوونی زۆربەی پیاوان بە مادە هۆشبەرەکانە.

**ماددەی هۆشبەر :** بووەتە یەکێک لە مەترسیدارترین کارەساتەکانی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک. کە بە هۆی فشاری زۆری دەروونیی گەنجان و لاوانی وڵاتمان، بە دەست ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرەوە تووشی هاتوون.  هەروەها بە پێی پیلانی تایبەت و دارێژراو لە لایەن پیاوانی سەر بە ڕێژیمەوە، بە کارهێنەران وئالودە بووانی مادەی هۆشبەر ڕۆژانە بەرەو زیادبوون هەڵدەکشێت.

**ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان،** ئەمە بە پیلانێکی تایبەت بۆ تێکدانی کەسایەتی کوردستانیان دەزانین. هەر بۆیە  داوا لە گشت لاوان و چین وتۆێژەکانی کوردستان دەکەین، خۆیان لەو مەترسییە بە دوور بگرن.

**کووشتنی کۆڵبەران و کاسبکاران:** بە هۆی بێکاری وئاستەنگی ژیانی ئابوری خەڵکی کوردستان، دانەمزراندنی خوێندکاران کە دوای چەندین ساڵ خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی بەرز، خەڵکانی نزیک بە سنووری دروستکراوی نێوان باشور وڕۆژهەڵات و باکوور، کە زۆربەشیان خاوەن بڕوانامەی بەرزن، بە کۆڵبەری لە سەر شاخ وسنوور و ڕێگە دژوارەکانەوە، بە ناچاری خەریکی دابینکردنی ژیانی بنەماڵەکانیانن. بەڵام داگیرکەرانی کوردستان بەوەش چاویان هەڵنایەت، تەقە لە کۆڵبەرانی کورد دەکەن و شەهید و برینداریان دەکەن و کەلوپەلەکانیان بە تالان

دەبەن. بە پێی ئامارە جیاوازەکان لە نێوان کۆنگرەی دووەم تا کۆنگرەی سێیەم ژمارەی کوژراوانی سەر سنوورە دەستکردەکانی باشور و ڕۆژهەڵات و باکوور، لە سەرەوەی ١٣٠٠ کەسە.
**سووتاندنی ژینگەی کوردستان:** کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بە کوشتنی مرۆڤەکان ڕانەوەستاوە. بەردەوام لە هەوڵی تێکدانی ژینگەی کوردستانیشدایە. لە نێوان کۆنگرەی دووەم تا کۆنگرەی سێیەم، بینیومانە بە سەدان جار ئاگری تووندیان بەردەواتە سەر ناوچە شاخاویەکانی کوردستان. بە دەیان هەزار هیکتار لە دارستان وکێڵگەو باخی هاووڵاتیانی کوردستانیان سووتاندوە. بە دەیان چالاکوانی ژینگە پارێزی کوردستان لەو پێناوەدا گیانیان بەخشیوە، یا بە تۆمەتی ناڕاست ڕاپێچی بەندیخانەکان کراون. بێجگە لەوەش بە بیانووی ناڕاستەوە بەردەوام بە توپ و فرۆکەوە بەربوونەتە باخ و مەزراو ئاژەڵی ناوچە و ڕەشماڵەکانی سەر سنوورەکان.

**بەشی دووەمی ڕاپۆرت تایبەتە بە پارتی سەربەستیی کوردستان لە نێوان ئەم٢ کۆنگرەدا.**

بەشدارانی هێژای کۆنگرە!

لەم کاتەدا کە سەرقاڵی گرێدانی کۆنگرەی سێیەمی پارتەکەمانین، وا ١٧ ساڵ تەمەنی دامەزراندنی پڕکردووەتەوە. پارتەکەمان وەک پێویستییەکی سەردەمیانە بۆ پەرە پێدان بە بیری نەتەوەیی و نیشتیمانی و سەربەخۆییخوازی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ٢٨ی ڕێبەندانی٢٧٠٥ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠٠٦/٢/١٧ی زایینی، لە بەیاننامەیەکدا دەستبەکاربوون و دامەزراندنی لە ئاکامی ئامادەکارییەکی چەند ماوە پێشتری، بە خەڵکی کوردستان و جیهان ڕاگەیاند. ئامانج ومەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەم پارتە، خزمەتکردن بوو بە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی ودروستبوونی باوەری تاکی کورد بە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ. نایشارینەوە لە ماوەی ئەو١٧ ساڵەدا زۆرجار هەوڵدراوە لە هەیکەڵ و خۆشەویستی ئەم پارتە نەتەوەیی بدرێت، بە دەیان پیلان و پروپاگەندە و دڵساردکردنەوە بۆ ئەندامانی پارتەکەمان دروستکراوە. بەڵام خۆشبەختانە بە هۆی هۆشیاری و لێهاتوویی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی و ئەندامان وهاوبیرانی پارتەکەمان، بەردەوام بەرەو پێشکەوتن وسەرکەوتن ڕۆیشتووە و دەڕوات.
بەخۆشیەوە لە یەکەم حەفتەی دامەزراندنییەوە تا ئەمرۆ کە لە کۆنگرەی سێهەمداین، بەردەوام لە سەر بیروباوەڕی سەربەخۆییخوازی درێژە بەو کاروانە دەدەین، تا بەرزکردنەوەی ئاڵای سەربەخۆیی لە وڵاتەداگیرکراوەکەمان لەو ڕێبازە ناکشێینەوە. بەخۆشییەوە دەبینین کە هاوبیرانی نەتەوەیی بەمەبەستی بڵاوکردنەوە و کارکردنی بێ ڕاوەستان لەسەر بیرۆکەی سەربەخۆییخوازی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەوری پارتەکەمان، وەک وەسیلەی گەیشتن بە ئاواتەکانیان کۆدەبنەوە. بە واتایەکی دیکەشەوە دەتوانین بڵێین کەپارتی سەربەستیی کوردستان، بووەتە پارتی جێگەی متمانەی لاوان و ڕۆشنبیرانی سەربەخۆییخوازی کوردستان.

**پرنسیپی نەتەوەیی پ س ک .** وەک پرنسیپی نەتەوەیی، "پارتی سەربەستیی کوردستان" نێشتمانی کورد بە هەموو پارچەکانییەوە بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردیش بەیەک نەتەوە

دەناسێ، ئەو سنوورانەش کەخراونەتە نێوان بەشەکانی کوردستان و بە ڕواڵەت لەتیان کردوە، بە دەستکردی داگیرکەرو سنووری زۆرە ملییان دەزانێ ودانیان پێدا نانێت. بەڵام لەم هەل ومەرجە هەستیار و وناسکەدا (پ س ک ) بە پێێ چەند هەڵسەنگاندنێکی سیاسی وستراتیژی ڕۆژ لە ناوچەکەدا، خەبات وتێکۆشانی ئیستای تایبەت دەکات بۆ بەشی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کوردستانی بندەستی ڕێژیمی ئێران. پارتی سەربەستیی کوردستان، خۆی بە پارتی هەموو دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت. هەوڵ دەدا بۆ بە جێگەیاندنی مافەکانیان بە پێێ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ. بێجگە لە گەلی کورد هیندێک کەمینەش لە کوردستان دەژین کە لە پرۆژە و سیاسەتی پارتەکەماندا، ئەو کەمە نەتەوانەی ناو جۆغرافیاکە بە هاوڵاتی کوردستانی دەناسرێن، مافی هەرکەمینەیەکی دانیشتووی خاکی ڕۆژهەلات وەک هاوڵاتییەکی کوردستان چاوی لێدەکرێت ودەپارێزێت.

**پارتی سەربەستیی کوردستان،** بە گۆێرەی توانا لە تێکۆشانی هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان پشتیوانی دەکات، لەو پێوەندییەدا پارتی سەربەستیی کوردستان پێی وایە کە هەمو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان هەل ومەرجی تایبەتی سیاسی و ستراتیژی بەخۆیان هەیە، ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە یەکدەنگ و یەک مەرام خەبات ناکەن. لە ڕوانگەی ئێمەوە پێویستە هەربەشێکی داگیرکراوی کوردستان بە پێێ تواناکانی دریژە بە تێکۆشان بۆ ڕزگاری خاکی داگیرکراومان بدەن وسەربەخۆیی بکەن بە لووتکەی سەرەکی و ستراتیژییان. ئێمە پێمان وایە دەبیت لە پاش ڕزگاری گشت بەشەکانی کوردستانەوە بیر لەوە بکرێتەوە کە ئایا یەک کوردستان هەبێت یا ٤دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە شێوەی کۆنفیدراڵی لە ژێر چەتری فیدراسۆێنی کوردستانی گەورەدا، یا ڕێکخراوی ویلایەتەیەکگرتووەکانی کوردستاندا یەکبگرنەوە و پێکەوەبن. بۆ ئەوەی کوردیش بتوانێ خاوەنی ٤دەنگ و ٤ لەشکری بە هێز بێت لە ناوچەکەدا. یا بە واتایەکی دیکە لە باتی ئەوەی باس لە یەک کوردستان بکرێت، با باس لە بوونی ٤ کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکرێت. کە زۆر نەتەوەهەن لەناوچەکە خاوەنی چەندین وڵاتن.

**بەرنامەی خەباتی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ ئەم سەردەمەی کە لە قۆناغی ڕزگاریداین!**

قۆناغەکانی خەبات جیاوازیان تێدایە، بۆ سەردەمانێک کە لە دەرەوەی نیشتمانین، نەخوازراو و ناچارین بە شێوەی دیکە خەبات بکەین. پارتەکەمان لە هەلومەرجی ئیستای خەباتدا لە هەموو دەستکەوتێکی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی نەتەوەکەمان لە هەر بەشێکی کوردستان کە بەدەستی بێنێ پشتیوانی دەکات. هەر هەنگاوێکی ئەوتۆ بە پلەیەک دەزانێ بۆ بردنە پێشێ خەبات بەرەو بە دەستهێنانی مافی سەربەخۆیی. بەڵام پارتی سەربەستیی کوردستان وێرای پشتیوانی لە هەرچەشنە سەرکەوتنێکیش لە ڕۆژهە ڵاتی کوردستان، واز لەچالاکی وتێکۆشانی سەربەخۆییخوازی خۆی ناهێنێ، بەردەوام خەبات دەکات بۆ ئەوەی ئەو بیرە بتوانێ وەک

ئایدولۆژیایەکی ڕیشە داکوتاو لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچەقێندرێت ودەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆداواکاری سەربەخۆیی بە دەستبێنێ.

**پارتی سەربەستیی کوردستان لە ئاست کوردستان و جیهان!**

ئەم پارتە لە ماوەی تەمەنی ١٧ساڵەیدا و لە بەڕێوەبردنی ٣ کۆنگرەیدا، بە خۆشییەوە توانیویێتی وەک پارتێکی نەتەوەیی وشۆرشگێر وسەربەخۆییخواز بچێتە نێو دڵی خەڵکی کوردستان، بۆ هەموو پارت ولایەنێکی سیاسی و مەدەنی کوردستانیش بناسریت. هەر بەشی زۆری پەیامە گەیشتووەکان بۆ کۆنگرەکەمان، لە لایەن پارت و کەسایەتییە بەڕێزەکانی کوردستان، و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، باشترین بەڵگەی پێشکەوتنی ئەم پارتەن لە ماوەیەکی کەمی تەمەنی و لە هەلومەرجی نالەباری دارایی و ڕاگەیاندنیدا.

**پارتی سەربەستیی کوردستان لە ئاست جیهاندا:** پارتی سەربەستیی کوردستان، بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەردەوام لە پەیداکردنی پشتیوانی نێۆنەتەوەیی بووە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان. سەردانەکانی سەرۆکایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ وڵاتانی ئوروپایی وئەمریکایی و ئەفریقایی و خۆرهەلاتی ناڤین، ئەمانە بەڵگەی لێهاتوویی و پێشکەوتووی بواری سیاسی و دیپلوماتی پارتەکەمانن. کە لە مێژووی ئەم ١٧ساڵەدا چەندین چالاکی گرنگی دیپلوماتی پر دەستکەوت ئەنجامدراون، کە ژمارەیان زۆرە و لە نێو وەیبسایت ومێژوو ئارشیڤی پارتەکەماندا بە بەڵگەوە دەبینرێن. بە تایبەت پارتەکەمان لە ئاست میدیا وڕاگەیاندنە گرنگەکانی  جیهانی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و هەیە لە ناساندنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**پسک لە ئاست نەتەوەکانی بندەست لە ئێران:** پارتی سەربەستیی کوردستان، وەک پارتێکی سەربەخۆییخواز هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە توانی خۆی لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەکانی بندەستی ئێران، وەک نەتەوەی عەرەبی ئەحواز، بەلوچ، تورکمەن، ئازەری نزیک بکاتەوە. لەگەڵ دەیان پارت ولایەنی ئەو نەتەوانە دۆستایەتی پەیدا بکات. چەندین کۆنفرانسی هاوبەشمان پێکهێناوە، لە دەوری ڕێکخراوی پێکەوەکارکردن نەخشی کاریگەرمان هەبووە. بە دەیانجار شانبەشانی ئەوان لە گەڵ ڕاگەیاندنە عەرەبی و ئینگلیزی و فارسیەکاندا دیمانەمان هەبووە. هەروەها دیدارمان لە گەڵ پەرلەمانتار و  ڕێکخراوەکانی جیهانیدا هەبووە.

**پێوەندییە کوردستانیەکان**

پارتی سەربەستیی کوردستان هەمیشە لە هەوڵدابووە کە پێوەندییەکی سالم و پاکی  لەگەڵ گشت لایەنە نیشتیمانیپەروەرەکانی کوردستاندا هەبێت. بەردەوامیش بۆ ئەم ئەرکە نەتەوەییە کار دەکات. بەخۆشیەوە تا ڕادەیەکی باشیش لەو ئەرکەماندا سەرکەوتوو بووین. هەرچەند لایەنگەلی وا هەیە بەگەرمی پێشوازی لە هەوڵەکانی ئێمە ناکەن، بەڵام ئێمە لە پاش کۆنگرەی سێیەمیش وەک بڕیاری کۆنگرە درێژە بە کاری خۆمان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی دەدەین.

**کاروچالاکایەکانی پارتی لە ماوەی ١٠ساڵی نێوان کۆنگرەی دووەم و سێیەمدا.**

١ /لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠٢٣ لەبەر نەبوونی هەلومەرجی گوونجاو بۆ گرێدانی کۆنگرەی سێیەم، لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا ٥ کۆنفرانسی گشتی گرێدراوە.

٢ /لە ماوەی ئەو ١٠ساڵەدا ٩٣ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی وسەرۆکایەتی گرێداوە.

٣ /لەو ماوەدا ٢١٥ کۆبوونەوە، دیدارو پێشوازی حزووری و ئۆنلاینی لە گەڵ لایەنە سیاسی و مەدەنیەکانی کوردستانی ئەنجامداوە.

٤ / لەو ماوەدا ٧٦ دیداری دیپلۆماسی ئاشکرای لەگەڵ لایەنی حکوومەتی وحیزبی وپەرلەمانی جیهانی و نەتەوە بندەستەکان، هەبووە.

٥ / لە ماوەی ئەو ١٠ساڵەدا، بە دەیان کۆوونەوە و دیداری داخراوی نێودەوڵەتی پێکهێنراوە.

٦ / پارتی سەربەستیی کوردستان لە ئاست وڵاتانی دەرەوە، و باشووری کوردستان، لە سەدان خۆپێشاندان و گردبوونەوەی سیاسی و مەدەنی، بەشداری چالاکانەی هەبووە.

٧ / لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا سەرۆکی گشتیی و بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکەمان ٤١١ چاوپێکەوتنی میدایی، بە بیسراو، بینراو، دەنگی، تێکستی و سوسیالی میداییان ئەنجامداوە. بە چەندین زمانی وەک کوردی بە گشت زاراوەکانیەوە. عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی و نەرویجی و عیبری، ئیتالی، ئیسپانی و دۆچ، سوید و فینلەندی.

٨ /لەو ماوەشدا پارتەکەمان لە دۆخێکی نالەباری ئابووریدا کارەکانی ڕاپەڕاندووە. بەڵام بە خۆشییەوە وێرای چەندین هەوراز و نشێوی نەخوازراو، بە سەدان کەسی بە توانا و نەتەوەیی لە ناوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات، واتە لە ڕێکخستنە نهێنی و ئاشکراکان، هاتوونەتە ڕیزەکانی پارتەکەمان، و لەو سەنگەردا درێژە بە تێکۆشانی سەربەخۆییخوازی خۆیان دەدەن.

هەر شەکاوە بێت خەباتی ڕزگارییخوازی لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان.

پیرۆز بێت یادی ١٧ساڵەی دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان و کۆنگرەی سێیەمی پارتەکەمان.

عارف باوەجانی /سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان